# ئۆلەمپیادی گیانداران

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ئۆلەمپیادی گیانداران

نووسینی:
شیلان گەیلانی

کتێب: ئۆلەمپیادی گیانداران
نووسینی: شیلان گەیلانی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥٥٢
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ئازموودە
وێنەکانی ناوەوە و بەرگ: گەیلان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٣٠٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

## پێشەکی

ئەم شانۆییە پێشکەش دەکەم بەهەموو مندالآن و تازە لاوان بەتایبەت مندالآنی ولآتی مەزن و دابەشکراوم «کوردستان».

پێش ئەوەی کە مەبەستەکانم لەسەر نووسینی ئەم شانۆییە بنووسم چاک وایە وتەیەکم هەبێ لە تەک دایک و باوک واتا گەورەی مندالآن.

ئەدەبیاتی مندالآن لقێ ناسکە لە درەختی چڕ و پڕی ئەدەبیات، کە بەداخەوە لە لایەن نووسەرانەوە بایەخی ئەوتۆی پێ نادرێ. ئەو هەولەش کە دراوە بەرتەسک و کەم خایەنە. نووسین بۆ مندالآن، گەلێک زەحمەتە و بەرپرسیارییەتی نووسەر زۆر گرینگە. زۆرجار نووسەر وای زانیوە چونکە خوێنەرەکەی مندالێکی ساکارە، کەوایە دەتوانێ زۆر سانا بنووسێت؛ وەک ئەوەیە کە نووسەر نەزانانە بەدەم شەپۆلی دەریایێکی نامۆ یاری و مەلە بکا و پاش ماوەیێ بەبێ ئامانج بگەڕێتەوە. لە حالێکدا پسپۆڕانی پەروەردە و پێداکوژی هێشتا بەتەواوی دنیای مندالیان نەناسیوە. چونکە دنیای مندال پڕ سەیر و سەمەرەتر لەوەیە کە لە پێش چاو ئێمە دایە. ئەگەر نووسەری مندال وێنەیەک لە دنیای پڕ ڕەمز و ڕازی مندال بخولقێنێ، هێشتا لاپەڕەیەک لە فانتازیا و واقیعی مندالی خستۆتە ئاراوە.

هەنووکە ئەدەبیاتی مندالآن لە ئێران گەشە و نەشەیەکی کارامەی بەخۆیەوە بینیوە. دەیان نووسەری کولتووروویستی فارسی، ئەدەبیاتی

منداڵی ئێران و جیهانیان لە سەرەتای ئۆستوورەکان و بەردەنووسەکانەوە تا گەشە و دەسپێکی مێژوو – واتا گەیشتن بەمێژووی هاوچەرخ – خستۆتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و تەنانەت دەیان پارەدار و خێرخوازی ئەدەبی فارسی، باری مادییان بۆ ئەم لێ توێژینەوە خۆش کردووە و زیاتر لە ٣٨٠٠٠ لاپەڕەی گەورەیان هێناوەتە سەر کاغەز و کردوویانە بە ٦ بەرگ.

دیارە ئەمەش دەبێ زیاتر لە جاران هەوڵ بدەین و بەهەموومان خزمەتی کولتوورەکەمان بکەین و تێکۆشین بنەمای فەرهەنگیمان کە ئەدەبیاتی منداڵ و تازە لاو، پتەوتر و بەهێزتر بکەین؛ چونکە سەرکەوتنی ئەدەب و کۆمەڵگای هەر نەتەوەیەک دەرەنجامی بەپێزکردنی بنەمای ئەدەبیاتی منداڵ و نەوجەوانی هەر نەتەوەیەکە.

ئەدەبیاتی شانۆیش یەکێ لەو ئەدەبانەیە کە دەبێتە هۆی گەشەپێدانی فەرهەنگی و هونەری منداڵان و هەستی بڕوا بەخۆیان پتەوتر دەکا و شەرم و خەجاڵەتیان کەم دەکاتەوە.

## مەبەست لە نووسینی ئەم شانۆیە

ناساندنی گیانداران و سەرەتای سەرهەڵدانیان لە وڵاتێک لە دنیا و شێوەی ژیان و ژینگەیان، چونکە بەپێی چۆنیەتی سروشت و جوگرافیایەوە جیاوازییان هەیە. دەقی ئەم شانۆیە زیاتر بەسروشتی حەیواناتی ئاسیایی نووسراوە.

لەم سەردەمە بەهۆی سەرکەوتنی دنیای تەکنۆلۆجی و پیشەسازی و سەرقاڵی ژیانی مرۆڤ، کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیمان زۆرە؛ واتا بێ ئەوەی بمانەوێ، منداڵ و تازە لاوانمان لە ئازارەکانماندا بەشدار دەبن. بەم بۆنەوە مەترسییەکانی هەنووکە و داهاتووی کۆمەڵگام لە بڕگەکانی ئەم شانۆیە هێناوەتەوە ئاراوە؛ وەک: ئێرەیی و حەسادەت، پاک و خاوێنی وڵات، جگەرە و ئێعتیاد، دیاردەی زاڵم و مەزڵووم، یەکێتی و هاوبەشی، کتێب و زانیاری، مۆسیقا و سەما، مافی ئافرەت و... هتد.

بۆ ئەم مەبەستە هەموو کتێبخانەکانی شاری سنە و وەزارەتی پەروەردەم پشکنیوە، تەنانەت لەگەڵ باخی ئاژەڵانی تاران پەیوەندیم گرتووە. لەم لێکۆڵینەوە بۆم دەرکەوت تەنانەت لە خوێندنی باڵادا بەتێروتەسەلی باس لە خوڵق و خووی گیانلەبەران نەکراوە. بەم هۆیەوە لە کتێبخانە شەخسییەکانیش لام نەدا و چۆنیەتی سروشتی گیاندارەکانم بەشێوەی شیعر دەرهێنا تا منداڵان لە بیری نەکەن.

ئەمە یەکەمین ئەزموونی شانۆگەرییمە کە زیاتر لە هەشت مانگ

موتالآم له سەری کردووه. دەزانم بێ هەڵە و کەموکوڕی نییە، ئەگەر تەمەن دەرفەتم بدا هیوادارم بتوانم هەنگاوەکانم پتەوتر بکەم و زیاتر بنووسم.

له کۆتاییدا بەپێویستی دەزانم له وەزیری ڕۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی هەولێر) بەڕێز کاک سامی شۆڕش و هەروەها بەڕێوەبەری هونەری شانۆ بەڕێز کاک ئەرسەلان دەرویش، بۆ هەوڵ و کۆششیان بۆ بەڕێوەچوونی ئەم شانۆییيە، سپاس بکەم، بۆ ڕۆڵەکانم له شاری «سنه» مانای وشەکانم بەفارسی نووسیوه.

هەروەها سپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی بەڕێوەبەرانی کتێبخانەکانی شاری سنه بەتایبەت:

١- ناوەندی بیر و هزری منداڵ و نەوجەوان (کانون پرورش کودکان و نوجوانان) ئاغای ئەمانی.
٢- ڕێکخراوی توێژینەوەی وەزارەتی پەروەرده (پژوهشکدەی آموزش و پرورش).
٣- کتێبخانەی بێزیستی (کتابخانه بهزیستی).
٤- پێشانگای کتێبی تاران له سنه.
٥- کتێبخانەی ناوەندی و کتێبخانەی گشتی سنه (کتابخانه مرکزی و عمومی).
٦- سەنتەری ژینگەی سنه (سازمان محیط زیست).

شیلان گیلانی

## دەسپێکی وتەی بێژەر لەگەڵ منداڵان

بێژەر:

سڵاوێک بۆ منداڵان

بەخێر بێن دایک و باوکان

ئەمڕۆ ئۆلەمپیادە

جەژنێکمان هەیە سادە

ئۆلەمپیاد زانستە

گشت وانەکان مەبەستە

گەر ئێوە پەلە نەکەن

چاوەڕوان بن و سەبر کەن

یەک بەیەک گیاندارەکان

بەڕێز دێنەوە مەیدان

ئۆلەمپیاد تەدارەکە

لە گیانداران موبارەکە

ئەمڕۆ لەنێو میوانان

تاوس دێت لە هیندوستان

تاقمێ سەوادیان هەیە

گرۆپێ هیچیان نییە

تێستێکمان نووسیوە بۆیان

تا دەرکەوێ بردنەوەیان
هەویرێ چاک و فلّچەیێ
بازنەیێ زێڕ و گچکەیێ
پڕ مەنجەڵێ خۆراکی خۆش
بەدڵی شاد بیکەنە نۆش
پێشکەشە بەو گیاندارانە
کە خوێندوویانە ژیرانە
منداڵانی نازەنین
هەناری ترش و شیرین
جا ئێوە ببنە ڕێدار(١)
هەڵبژێرن سێ نەفەر
[بێژەر دەس بۆ گۆی زەوی دەبا و دەیسووڕێنێ و دەڵێ:]

نازدارەکان

دەزانن ئەمە چییە
ئەمە کورەی زەوییە
ئۆقیانووسیە، ئاسیا
ئافریقایە و ئۆروپا
ئامریکایێ لە باشوور
بەشێ تری لە باکوور
با گۆوەکە بسووڕێ
ژینگەیان(٢) بێتە گۆڕێ

---

(١) اجازه دهنده.
(٢) محیط زندگی.

دەزانن کامە گیاندار
ئێستا دێ بەلەنجەولار
وەرن:
سەردانێ ئۆروپا کەین
کاکە ڕێوی پەیدا کەین
یاڵڵا... با بڕۆین
[ڕێوییەکان بەسەمای ئوروپاییەوە ئەم شیعرە دەخوێننەوە].


3

# خۆناساندنی ڕێوی

مەرحەبا منداڵەکان
ڕێوی بێتە قوربانتان
لەمێژە هونەرمەندم
بەحیلە و مەکر بەندم
ڕاو دەکەم من بەهاوین
تێر دەخۆم ترێی شیرین
گیانم قوربان ترێ بێ
ئاخۆ لەوە خۆشتر بێ
سەرم چل و هەشت سانتە
کلکم حەفتا و حەوت سانتە
چوار تا دە کیلۆ قورسم
لە هیچ کەسێ ناترسم
من گوێم تیژە و بەهۆشم
بۆ ڕاوی چاک دەکۆشم
حەز ئەکەم لە شۆربای مشک
قالۆنچە تێکەڵ زرشک
شۆربای مریشکیش خۆشە
جا مریشکەکەی کاڕەشە
ماڵم لە ژێر زەوییا
بەچەن کۆڵان فەرعییا

بەهاوین گەرما ناگرم
قەدری گوێم دەبێ بگرم
تین و گڕم هەڵئەچێ
لە گوێمەوە دەرئەچێ
پێستمان پارەی چاک دەکا
بۆ بێ زەمیر وەک ئێوا
نانا! نانا! ئێوە نا!
بێ زەمیر(١) وەک ئەوانا
دەمبێ چوار تا هەشت بەچکە
بەهار دێن خنچکە خنچکە
من سێ هەستم قەوییە
هیچ گیاندارێ وا نییە
هەستی بۆن و بیسایی
هەستی جوان و بینایی
من ڕێویم مرۆڤناسم
تاکە تاکەتان دەناسم
هەزار دانە وەک ئێمە
نایکات مەکرێکی ئێوە
درۆ دەکەن حەفتا و حەفت
کەبیشم ناوکم کەفت
برادەرێ پارە سەرف کا
ئەڵێن بەه بەه بەو خوا

(١) وجدان.

مرۆڤی وا لە دایک نابێ
دۆستی وا پەیدا نابێ
ئەچن تەقەللوب دەکەن
بۆ خوێندن کات سەرف ناکەن
کەسێ بەوتەی ناحەز
خەتاکەی ناکاتە ڕەفز[1]
مرۆڤێکی موسەققەف
وشەی ناحەز ناکا سەرف

## بێژەر و پرسیار و وەڵام

ڕێوی خان خەڵکی کوێیت با بزانین
لە چالاکیت بڕوانین

ڕێوی:
ئەسڵم ئۆروپاییە
باوکم ئۆروپاییە
دایکم ئۆروپاییە
باپیرم ئۆروپاییە
نەنکم ئۆروپاییە
حەوت پشتم ئۆروپاییە
بۆ چۆڵەکە دەکۆشم
وەک قەناری بیفرۆشم

---

١- ڕەدکردن.

بێژەر:

ڕێوی کاری وا مەکە
دەکەویتە تەڵەکە
لەپڕ دێن ناقت دەگرن
کلکی جوانت دەبڕن

ڕێوی:

بیری دواجارم کردووە
مێشکیانم بەتاڵ[١] کردووە
ئەی مرۆڤ من لە ئێوە
زۆر شت فێربووم لە ڕێوە
من کڵاوتان سەر ئەکەم
مەکرەکەم بەکار دەبەم

بێژەر:

بەخاوێنی لەش و گیان
بایەخ دەدەی بەقوربان؟

ڕێوی:

ساڵێ جارێ خۆم دەشۆم
بۆیە وا بێ ڕەنگ و بۆم
ئیشی من یەگجار زۆرە
خووم[١] گرتووە بەم جۆرە

---

(١) خاڵی.

بێژەر:

ئەتۆ خوێندن دەزانی
چۆن لە خوێندن دەڕوانی؟

ڕێوی:

بێکارولیوس(٢) فێڵبازیم(٣)
بەڵام زۆریش نازنازیم
دڵم بێشێ لە کەسێ
ناهێڵم خۆش بوێستێ
ئەو حەقە ناباتە قەبر
تا نەینێمە زەنگ و زەبر
عاقڵی دەکەم بۆ باوکی
کوڕێکی چاک بۆ دایکی

بێژەر:

با سەیرێکی دەمت کەم
نمرەیەکت پێ بدەم
دیارە خاوێنی ددان
باش ڕاناگری بەقوربان

ڕێوی:

ئەمساڵ و پار و پێرار
فلْچەم لێ داوە دوو جار

---

(١) عادەت.
(٢) لیسانس.
(٣) حقەباز.

بێژەر:

ڕێوی گیان!
یارمەتی کەست داوە
دەزانی کۆمەک باوە

ڕێوی:

من شەو و ڕۆژ لە خوامە
کەسێ بێ بەدوامە
بانگی بکەم بۆ خواردن
وا باشە تا شت ناردن

بێژەر:

ئێستا وا لە کوێماڵت
کامە ژن و منداڵت؟

ڕێوی:

لە ناو مەکر و فەن و فێڵ
کەی ئەمپەرژێتە[1] سەر خێڵ
من و شێخ زانا و باوکم
سەدام و خزمی دایکم
ژن و منداڵمان ناوێ
وازم لێ بێنە تاوێ

---

(١) فرصت کردن.
روی: خەڵکی ئینگلیزە.
شێخ زانا: تیرۆریست بوو.

بێژەر:

وەی وەی منداڵینە! خزمی سەدام دیکتاتۆرە.
تۆ حەز لە هونەر دەکەی
لە کام هونەر چێژ دەبەی؟
[ڕێوی بەپێکەنینەوە دەڵێ:]
هونەر هێ... هێ هونەر!!!
لە هونەر هیچ نازانم
بارێ قورسە لە شانم
بەڵام...
گەر سەعاتێ بگەڕێم
من پێنج فەرسەخ دەپەڕێم

بێژەر:

کاتێ یەکتر بزر کەن
چۆن یەکتر پەیدا دەکەن

ڕێوی:

خەجاڵەتم ببەخشە
بۆنی میزەکەم پەخشە
بەبۆن یەک پەیدا دەکەین
بۆن نەکەین بەیەک ناگەین

بێژەر:

منداڵانی نازەنین!
هەناری ترش و شیرین!

ئێستا لێرا ڕێوی خان
شایستەیە بەڕاتان؟

ڕێوی:

حەزتان کرد لە سیمای من
لە هەیکەل و باڵای من

بێژەر:

پێت خۆشە داهات چۆن بێ
دەستت بەچییەوە بەند بێ

ڕێوی:

درەنگ نییە بۆ دەرس خوێندن
بۆ ئیش و لەزەت بردن
پێم خۆشە ببمە دوکتور
حەز ناکەم لە ئیش سووکتر

بێژەر:

ڕێوی ئیشت بڕاوە
یەکێ تر بێتە ئەم ناوە

بێژەر:

ڕێوی خان!
بچۆ سەر چاوەکانم
فێڵەبازی زۆرزانم
ئەرێ خنجیلانەکان
هەڵی بژێرین بەڕاتان

بێژەر:

منداڵینە!

با گۆوەکە بسوورێ

وڵاتەکە بگۆڕێ

وڵاتی ئازەربایجان

لە ئاسیایە منداڵان

ئەرێ خەپ و خڕەکان

کێ دێ لە ئازەربایجان؟

مشکی کلک ڕەش، فەرموون ئێوە و کلک ڕەش:


6

# خۆناساندنی مشک

سڵاو
من ناوم مشکە ڕەشە
نازناو[١] کوڕم مش مشە
مشکەکان سێ جۆر مشکین
دێهاتی و شاری و ئاوین
مشک ئاوی وا لە ئاوا
مشک لادێی لە دێیا
شاریم لە ناو مشکانا
ناچم بەلای خەرمانا
رقمە لە مشکی ئاوی
قێز دەکەم من لە ناوی
ماقووڵم و هووشیارم
بۆ هاتوچۆ بێدارم
دابنێن تەڵە بۆ من
منیش هەڵدێم وەکو جن
خوامەوخوا تەڵە دانێن
دەمارتان دێنم لە بن

(١) لقب برگزیده.

منیش دەچمە چێشتخانە
تۆڵە[٢] دەکەم ژیرانە
هێواش دێم لە دوورەوە
ئازووقە دەشارمەوە
دەڵێم با خانمی ماڵ
دانەنیشێ دەس بەتاڵ
دەجاوێم دار و کاغەز
بۆیە لاشەم بووە بەز
کاتێ لانەکەم پیس بێ
لانەی تر دەخەمە ڕێ
تاقەتی گەسکم نییە
خۆ کڵفەت نیم وا نییە؟
گەشتی[٣] دەخۆم قانیعم[٤]
مەمنوونم لە سانیعم[٥]
ئێمە گەلێکمان کوێرین
بۆ کادان ئاگر ژێرین
بیست و پێنج تاکو چل ساڵ
دەژین بە عەقڵ و کەماڵ

---

(٢) انتقام.
(٢) گەشتێ: هەموو شتێ.
(٣) قانیعم: قەناعەت دەکەم
(٤) سانیعم: ئەو کەسەی منی دروست کرد.

دوو هێندەی خۆمان دەخۆین
دەم و دەستمان ناشۆین
زۆر خۆر و دایمە خۆرین
بەداخەوە زوو دەمرین
لە هەڵبەزین خێرایی
لە کێبەرکێ[١] و کۆتایی
یەکەتاز ڕاکردنم
زیتەڵە[٢] و بەچکە جنم
من ناوم مشکە ڕەشە
نازناو کوڕم مش مشە
مشەم کاراتەبازە
بۆ ئۆلەمپیاد سازە

[بێژەر بەکلک ڕەش لە کاتێکدا خەریکە بڕواتە دەرەوە دەڵێ:]

کلک ڕەش پەلە مەکە
وەرە تۆ کارمان پێتە

مشک:

با بیهێنم مشە گیان
جا دێمەوە خزمەتتان

---

(١) مسابقە.
(٢) زیرک کوچولو.

بێژەر:

وەرە مشەت وا لێرا
پرسیارمان هەیە خێرا

کلک ڕەش:

وەرە دایک بەقوربانت بێ

بێژەر:

مشک خانم
خەڵکی کوێیت با بزانین
لە چالاکیت بڕوانین

مشک:

با نەزانن خەڵکی کوێم
دوکانداری سەرەڕێم
من ناوم کلک ڕەشە
نازار کوڕم مش مشە
ئادەی!
وەرە قەزات لە گیانم
مشە شیرین زمانم
وەی وەی!
مشەم کاراتەبازە
بۆ ئۆلەمپیاد سازە

[مش مش حەرەکەی یاری جۆدۆ دەردێنێ و دەڵێ:]

ئوس ئوسە.

دایکی:

ئەی بەقوربانت بم مشە! ماشەڵڵا... دەی خۆت
بناسێنە گش کەس.

[مش مش هێ... هێ... هەر پێدەکەنێ.]

سڵاو لە دانیشتوان
ماچێکیش بۆ منداڵان

بێژەر:

مشە بڵێ بزانین
لە چالاکیت بڕوانین

مشە:

من مش مشم تارزانم
بلیمەت و زۆرزانم
لە ڕاکردنا توندم
ڕەزا شیرین وەک قەندم
بوێرم و زیرەکم
کوڕە ئازام حەفت خەتم
گەلێ وریا و بیرمەندم(١)
من بەپڕ خۆری بەندم

دایکی مشە:

سەیری کەن
مشەم هەر ئەمە نییە
نیوەی لە ژێر زەوییە

---

(١) متفکر.

بێژەر:

ئێستا وا لە کوێ ماڵت
کامە ژن و منداڵت؟

مشە:

ڕووی زەوی و بن زەوی
زەمان و ڕۆژ و شەوی
هەر کوێ مەیلم بێ ماڵمە
ژنم پێچا وەک دۆڵمە
خاوەن ژن و منداڵم
بێ کوڕم تەنیا باڵم
با ژنێ تر بخوازم
کوڕم بێ پێی بنازم
با حاکم بم و زاڵ بم
بەڕێوەبەری ماڵ بم

بێژەر:

منداڵینە مێشکی بەتاڵ نییە؟
بەخاوێنی لەش و گیان
بایەخ دەدەی بەقوربان؟

مشە:

من کاسبم ناتوانم
بیر کەم لە لەش و گیانم

ئەسپێ گیانی تەنیوم
هەر بەجارێ گەنیوم

دایکی مشە:

هێ... هێ...
مشەم هەر خۆی خاوێنە
وەک مشەم نییە وێنە

بێژەر:

ئەتۆ خوێندن دەزانی
چۆن لە خوێندن دەڕوانی؟

مشە:

خانم خوێندنم ناوێ
لای ئێمە نییە باوێ

بێژەر:

تۆ حەز لە هونەر دەکەی
لە کام هونەر چێژ دەبەی؟

مشە:

با بەزاراوەی سنەیی بیڵێم.
هونەر چەس وەی ئەخورگێ
قەزای پەنێری لێ خرگێ
لای من باشترین خۆراک
هەر پەنیرە و نانی چاک

دایکی مشە:

مشە گیان!
پەنێر لەگەڵ گوێز باشە
فوسفۆر دەخاتە لاشە
گەلێ باشە بۆ مێشکمان
دەمی بەناوی دەممان

مش مش:

دایە!
کۆگای گەنمیش لام خۆشە
بەبۆنی دەکەم گەشە
وەی وەی ئا ئەوەیە بۆن... همە... همە [بۆن دەکا]

بێژەر:

مشە!
یارمەتی کەست داوە
دەزانی ئەمە باوە

مش مش:

یارمەتی زگم داوە
داخوازی لەسەر چاوە
ئەی مرۆڤ کە عاقڵن
چۆن ڕێزی یەک ناگرن؟
قەت یارمەتی یەک نادەن
یەکسەر لە بیری مادەن

بێژەر:

ئەتۆ برادەرت هەیە
پەیامت بۆیان چییە

مشە:

بەڵێ.
ناوی مشکە هامێسترە
پڕماڵی لە لووستێرە
هەرچەن کە لاشەی ڕێزە
هەست بەبۆنی بەهێزە
جارێ دوو جار لە ساڵا
ژنەکەی دەزێ لە ماڵا
دەبێتە باوک پێنج منداڵ
ژیانی لێ دەکەن تاڵ
بەڕای من منداڵینە:
بۆ کۆمەڵ منداڵی زۆر
وەک ئازارێکە ناسۆر

بێژەر:

منداڵینە!
مشە خوێندن نازانێ
دایمە وا لە گەڕانێ
ناپرسم کتێب چییە
حەزی لێیە یا نییە

مش مش:

خانم بێژەر! منداڵینە! وەی زگم وەی

هێندە گوێزم خواردووە

ژانە زگم گرتووە

دەیگۆڕنەوە بەکەشکێ

یاخوا ددانتان نەشکێ

دایکی مشە دەڵێ:

مشە گیان منداڵی ئێستا

گەلێ وریان لە تێستا

دەیبەیتەوە دەزانن

خۆیان وریا و زۆرزانن

وایە منداڵەکان، ئەرێ؟ وەرە بەقوربانی خۆت و منداڵەکەت بم؛

وەرە با بڕۆین.

بێژەر:

ئەرێ خنجیلانەکان

هەڵیبژێرین بەڕاتان؟

بێژەر:

مشە ئیشمان نەماوە

فەرموو بچۆ ئەولاوە

منداڵینە!

گۆوەکە بسووڕێنین

بچین یەکێ تر بێنین؟
ئەی مندالآنی جوان
نازدار و خڕ و خەپان
وەرن با بسووڕێنین
بچین بزانین کێ بێنین

بێژەر:

بچین بۆ کوێ؟ قاڕەی ئۆروپا؟ وڵاتی ئسپانیا.
ئەگەر وتتان کێ دێ؟
کەڵەبابی نائاسایی
گیانداری لەخۆبایی[(١)]

(١) مغرور.


2

## خۆناساندنی کەڵەباب

من ناوم کەڵەشێرە
مەرهووم باوگم دلێرە
وەختی سەعات دورس نەو
هەڵتانمان ئەسان لە خەو
داخی گرانم...
دەسمان نمەکی نییە
هیچ وە بەر چاودان نییە
من شام فرە مەغروورم
لە گەدا و فەقیر دوورم
تاج سادە و نوخوودی
گوڵ سورخی و تووفەرەنی
مەرغوبترین نەوع تاجن
دنیا وە ئێمە ئاتاجن
ماشاڵڵا سەیل پووپم
قەد و بالا و کوڵوگم
خوو بچمە هەر ماڵێ
منەت کێشمن گ ساڵێ
من نیەتوانم پەرواز کەم
وەلی سێ مێتر باز ئەوەم

غوروور ها له ناو خوێنم
ئەڕای گوزەشت سەنینم
لامەزەویەل ئەمانخوەن
دوای خەیر ڕامان نیەکەن
کوفت خوەن ئەڕای خواردنتان
ئیزراییل بوودە قادڵدان
خولا حەقمان بسینی
ئاو ئەڕادان نەمینی
مێ شام فرە غروورم
لە گەدا و فەقیر دوورم

## پرسیار و وەڵامەکانی بێژەر و کەڵەباب

بێژەر:

ماندوو نەبی کەڵەباب
خەڵکی کوێیت با بزانین
لە چالاکیت بڕوانین

کەڵەباب:

مێ ملاڵ کرماشانم
یەواش بووژە بزانم
یە چەس ئی قرم و قاڵە
خوەشم نیەتێ جەنجاڵە

پاسەوان خیاوانم
فزە بگەن مێ زانم
«ڕووداری بگەن کوڕەیلم چڕم
ئی کاسە و کووزە وەیرە هەڵگرم
ئەڕشمە زەوی دڵ و لیخەڕوو
وەناو سەهنە بوودە باوگەڕوو»(۱)
ئاخ باوگە... باوگە گیان خوڵای بیامەرزێ [دەگری]
باوگم سەرواز جەنی بوو
ناخەلاف سەریان بڕیو
وە نامەردی کوشتنەی
خونی ناحەق ڕشتنەی
خاوەن ماڵێ لامەزەو
باوگمی ئەبرد ڕۆژ و شەو
خستیە کەڵەشێربازی
چووە وە دڵێ ناڕازی
جا لە شەڕە کەڵەشێر
کوژیا وەدەس دانەی نێر
ئەو کابرا ئەڕای پارە
ئێمەی خستە پەژارە
غوروورها لە ناو خوێنم
ئەڕای گوزەشت سەنینم

(۱) این دو بیت از شاعر کرمانشاهی «ایرج قبادی».

گوزەشت بگەم خوریایم
وەناو سەهنە ڕمیایم

بێژەر:

ئێستا وا لە کوێ ماڵت
کامە ژن و منداڵت؟

کەڵەباب:

مێ ساڵ هەشتا و دوو
تەنیا دوو ملاڵم بوو
ئەڕای بایەع ئەو ساڵە
خەرگم نیا وەی ماڵە
هەر مەلاڵم فرە کرد
وەپەسا کوپینم گرد
نان و ئاومان گرانە
تەنیا مردن هەرزانە
ئێسە لەبەر جەمیەت
شەو و ڕۆژ ئەخوەم خەفەت

بێژەر:

ئەتۆ خوێندن دەزانی
لە کتێب و شت دەڕوانی؟

کەڵەباب:

مێ سەواد ئەڕای چەمە
چەمە وەی دەرد و خەمە

لیسانسەگان بەزەزوان
گێجن وەناو خیاوان

بێژەر:
بەخاوێنی لەش و گیان
بایەخ دەدەی بەقوربان؟

کەڵەباب:
مێ حومامم ها لە کوو
مەگەر بچمە لەبێ جوو

بێژەر:
کەڵەباب تۆ لەم ماوە
یارمەتی کەست داوە؟

بەڵێ:
وەختێ سفرە دائەخەم
بەش مەلوچکەکان ئەدەم
کۆتر سەیی مەل و مۆر
وەگەرد مێ بوونە جۆر
هەر وەخت لە ناو مامرەگان
شەڕ کەفتە ناو هارەگان
مێ چم و ناوجی ئەگەم
دوژمنیان لە ناو بەم

بێژەر:

با سەیری دەنووکت کەم
سەرنجێ ناو دەمت بەم
گەلێک بۆنی دەمت دێ
ئەوە بوویتە هاوڕێی کێ؟
تۆ نازانی جگەرە
پیس شێرپەنجەی لەگەرە
خۆ تۆ وتت مەغروورم
شام و لە خراپە دوورم

کەڵەباب:

ناچارم چاخان[١] بگەم
وە زیلە رووم سوور بگەم
قوت قوت نەکەم با ئەموا
مریشکە کوڵە تێ ئەمخوا

بێژەر:

تۆ برادەرت هەیە
پەیامت بۆیان چییە؟

کەڵەباب:

ئەگەر دووس درۆزن بێ
ناوێ وەگەرد مێ بێ

---
(١) دروغ بزرگ.

خۆشم نیەتێ لە درۆ
قسەم ڕاسە ئەڕای تۆ

بێژەر:

ماندوو نەبی مام کەڵەباب
کەڵەباب گیان کاتت بڕاوە
با یەکێ تر بێتە ئەم ناوە

بێژەر:

ئەرێ خنجیلانەکان!
هەڵیبژێرین بەڕاتان؟
مندالآنی نازەنین
هەناری سوور و شیرین
گۆوەکە بسووڕێنین؟
... دە باشە
وەرن با بیسووڕێنین
بچین بزانین کێ بێنین
بچین بۆ قارەی ئاسیا... بۆ کوێ؟
ولآتی هێندوستان
کە پڕە لە باخ و بێستان
چ پەیامێکی دێنێ؟
کێ خۆی دەناسێنێ؟
تاوس خاتوون

[پێنج تاوس بەسەماوە دێنە سەر تەختەی شانۆ و دەم بەگۆرانی ئەم شیعرانە دەخوێننەوە:]


14

# خۆناساندنی تاوس

تاوس:

من خەڵکی هیندوستانم
باش لە کوردی نازانم
تاجێک وا لەسەر سەرم
شنە شن نەرمە نەرم
دێم و دەچم لەو ناوا
دنیا دەڵێنماڵیاوا
خوازبێنیکەرم زۆرە
جوابیان دەکەم بەنۆرە
بەڕاستی زۆر مەغروورین
چۆن لە هەر عەیبێ دوورین
بیست و پێنج ساڵ عومر دەکەین
لە جوانیا سەد دەبەین[١]
کاتێ بووە سێ ساڵم
هێلکە دەنمە بن باڵم
لە پاش سی ڕۆژ جووچکەکان
دێنە دەر بەبێ گومان

---

(١) در کردستان عراق نمره ١٠٠ ملاک است.

عەشقم پاییز و بەهارە
دیمەنی ناو گوڵزارە
لە پاییز پەڕم دەڕژێ
لە پێی گەڵاکان دەخشێ
دیسان دەڕوێ لە بەهار
پەڕەکانم بەیەکجار
کە دێم سەیری پێم دەکەم
چاوەکانم دەکا تەم
کەڵەبابم لە پێوە
خەم دام ئەگرێ لە جێوە
خوا خۆی جوانی کردووم
لە قورئان ناوی بردووم

[پاش سەمای تاوس بێژەر بەپێکەنینەوە دەڵێ:]

تاوس خاتوون بۆ ناچیت
ئەوە تۆ بەتەمای چیت؟

تاوس:

مەگەر ئۆلەمپیاد نییە
من بەشدارم وا نییە
من مەلەکەی جوانیم
بێ عەیب و لەخۆباییم
گەر پرسیارتان هەیە
فەرموون بزانم چییە

بێژەر:

تاوس خانم دەزانی
خۆ ڕوخسار و جوانی
مەرجی کێبەرکێ نییە
ئۆلەمپیاد عیلمییە
لە هونەر بڵێ بزانین
لە چالاکیت بڕوانین

تاوس:

نەوجوان هیندوستانم
کۆتر باخ و بێستانم
تاجێک وا لە بان سەرم
بێ دەرەجە ئەفسەرم
گۆرانیبێژم و دەنگخۆش
گەنج و پیر دەهێنمە جۆش
لە باخی ئاژەڵانم
خەپ و خڕ و ئەلوانم
پێم دەڵێن دەنگت خۆشە
بە تەشجیع(١) دەکەم گەشە

بێژەر:

بەخاوێنی لەش و گیان
بایەخ دەدەی بەقوربان؟

---

(١) تشویق.

تاوس:

جاروبارێ خۆم دەشۆم
تۆ ببینە ڕەنگ و بۆم
بۆیە هێندە بەرچاوم
زۆر کەس کەوتووتە داوم

بێژەر:

تۆ برادەرت هەیە
هاوپۆل یاخود هاوکایە؟

تاوس:

بەڵێ هەمە
برادەرەکەم حەسوودە
دەسپێشخەرە[١] بێ هوودە
ئەڵێ شای تاوسەکانم
پەلکەزێڕین جیهانم
ناو بەناوێک شەڕ دەکەین
ئاشت دەبین یاری دەکەین
قەت قەت لە یەک ناتۆرێین
پێکەوە هاوڕێ و جۆرین

بێژەر:

ئەتۆ خوێندن دەزانی
چۆن لە خوێندن دەڕوانی؟

---

(١) زود اقدام کردن.

تاوس:

بەڵێ خوێندن دەزانم
وێنەگرێ زۆرزانم
وێنەکانم جوانە
زەرد و سوور و ئەلوانە

بێژەر:

خۆراکت چییە خانم
بۆمان بڵێ بزانم

تاوس:

دانەوێڵە و مشکی کوێر
دەیخۆین لەگەڵ تاوس نێر

بێژەر:

ئەتۆ کاتێ دادەنێی
کتێب بێنی بخوێنی

تاوس:

بەڵێ
من حەز ئەکەم بە داستان
بەڵام باوکم بە ڕۆمان
هەر کەس کتێب بخوێنێ
سەربەرز و شاد دەمێنێ

بێژەر:

فەرموو بچۆ تاوس گیان
کۆتایی هات ئیمتحان

تاوس:

شتێکم لەبیر چوو بیڵێم
تاوس نێر ئەم پەڕانە
بۆی لکاندم ژیرانە
وتی با منداڵەکان
حەز بکەن لە هەیکەلمان
ئەو سەر گوڵ جوانییە
لە جوانی وێنەی نییە
ئەو لە من جوانترە
دوو میتر و نیو بەرزترە
یەک مەتر و نیو کلکیەتی
پەڕیش لەسەر گوێیەتی

بێژەر:

سپاس ئەی تاوس خاتوون
بۆمان میوانێ چاک بوون

بێژەر بەمنداڵەکان:

تاوس خاتوونتان بینی
بەقسەی خۆش و شیرینی
ئەرێ چەپکە گوڵەکان
هەڵیبژێرین بەڕاتان؟
با گۆوەکە بسووڕێنین
بچین یەکێ تر بێنین

بسوورِێ با بسوورِێ
ولاتەکە بگۆڕێ
منداڵەکان برِۆین بۆ کوێ؟ بۆ تورکیا
تورکیا لەنێو ئاسیایە
کەریش خەڵک تورکیایە
فەرموو خانم کەرەکە
گشتمان خۆشتمان گەرەکە

[کەر بەسەرِە سەرِ دێت و قەل بەقارِ قارِ لەسەری دادەنیشێ و دەڵێ:]
کەرەکەم خۆی کەر کردووە
تۆز و خاکی لێ نیشتووە
وەرن وەرن منداڵەکان
سواری بین لە کۆلانان

کەر بەبێژەر:
بۆ دێڵی گاڵتەم[١] پێکا
ئابرِووی چەن ساڵەم ببا

بێژەر بە قەل:
چاک نییە رِووشکێنی
هەر کات گەوجانەیەک بێنی
فەرموو خانم کەرەکە
هەموو خۆشتمان گەرەکە

---

(١) شوخی، تمسخر.


10

# خۆناساندنی کەر

سڵاو ئەی منداڵەکان
هێندە وام بەتاسەتان
بۆچ بەگەوجم دەزانن
دڵم پڕە چووزانن
بارم دەبرد ڕۆژ و شەو
نە پشووم بوو من نە خەو
مەلایێ خاوەنم بوو
بەجێی هێشتم و خۆی چوو
سی ساڵ کاری پێ کردم
لاویەتی لەنێو بردم
تا ئەو کاتەی لەلای بووم
لە فەرمانی دەرنەچووم
دەیگوت: تۆ کچە خاسەی
بێ دەنگ لەم قسە و باسەی
هەر کاری پێن تەواو بوو
سەد شەقی لێدام و چوو
بەڵێ
پار ڕۆژێ لە زستانا
سەڕاندم من لەو بانا

وەخت بوو لە برسان بمرم
ویستم ناق مەلا بگرم
وەی وەی منداڵەکان!
هات بۆ گیانم و وتی
کەرە زلەی پێپەتی
تۆ سەرە سەڕی چیتە
گوێدرێژەی نەگبەتە
بەزەحمەت خۆم دەژیێنم
جا خواردن بۆ تۆ بێنم
دەیکەمە ژەقنەت زلە
کەرە زلەی دەم گولە
ساڵێکە بۆن دەمت دێ
فلْچە نادەی هیچ شەوێ
منداڵە نازدارەکان!
نازانن لە حەیبەتا
لە برسان لە خەفەتا
هەستام چوومە کەنارێ[١]
بەزیخی[٢] دەم ڕووبارێ[٣]
ددانی بێچارەم ساوی
تا خێن[١] بەربوو لە ناوی

---

(١) ساحل.
(٢) ماسە.
(٣) رودخانە.

هیلاک بووم هێندە ساویم
هەر خەمم خوارد و جاویم
ئێستا پووکم(٢) برینە
خۆم بەدبەخت کرد لەم قینە
منداڵینە کابرایێ چاک ڕۆژێ وتی: کەرە گیان
وەرە، ئەو کابرایە
ویستوویە دەرت بکا
بەهانەت بۆ ساز بکا
ئەتۆ کەرێکی چاکی
کەرێ ئازا و بێباکی

کەرەکە بەپێکەنینەوە:
من چەندە گێل و گەوج بووم
لە چالاکی خۆم دوور بووم
تا کاری پێم بوو چاک بووم
کاری نەما یەعە بووم
منداڵینە!
پێی خۆش بوو هەر باربەر بم
داوای حەق نەکەم کەر بم
خوای من منداڵەکان
بەچاوە و بوو لە تاران

---

(١) خون.
(٢) لثە.

لەوێ کەوت لاقی شکا
کەوتە گریان و تکا
منداڵینە!
لەوەڕ شەوەر و گیا
خۆراکمانە لە دنیا
ماڵم وا لە تەوێڵە
دەرگای ئاوەڵا و وێڵە
زستان بەرەڵام دەکەن
دەبمە خۆراکی دوژمن
جلی من کۆپانمە
ئاگاداری شانمە
تەمەنی ئێمە کەمە
خاترم لەمە جەمە

[کەر بەحەرەکەی یاری هەڵبەز و دابەز دەکا]
ئەمە فنوونی کەرە
وریا بن زۆر خەتەرە
من کەرێ کۆنفۆکارم
لەقەفرتێیە کارم
منداڵینە!
بەرنامە کۆتایی بێ
هەر کەس دێ سوارم بێ
با ئەمەشتان پێ بڵێم:

منداڵم دەبێ هەرساڵ
دەکێشم بەسەریا باڵ
دایمە گوێچکەم دەجووڵێ
لە گەرما و سەرما و سۆڵێ
گەر دیتان گوێم وێستاوە
خەفەتم بۆ نەماوە
دەحەسێم لە ماندوویی
خەون دەبینم جادوویی

## بێژەر و کەر و پرسیارەکان

بێژەر:

کەرخان فەرموو چەن ساڵتە
کۆنە یان تازە ئەو ناڵتە

کەر:

باجی گیان کەی وەخت ناڵە
بۆ هێندە قسەت تاڵە
پێڵاوەکەم ببینە
تەقەی دێ لەم زەوینە

بێژەر:

باڵا بەرز کەرە زەلام
کەنگێ ڕۆشتی بۆ حەمام

کەر:

ناو بەناوێک خۆم دەشۆم
ئەگەر دەستم کەوێ گۆم
بۆیە من هێندە بۆرم
جلم نییە بیگۆڕم
هێ هێ هێ
کۆپانەکەم پتورکا
گەلێ گەڕیام بەسەریا

بێژەر:

ئێستا لە کوێیەماڵت
کامە شوو و منداڵت

کەر:

ماڵم وا بەکۆڵمەوە
دەس مەیەن بەدڵمەوە
کابرایێ خاوەنم بوو
بەرەڵای کردم و چوو

بێژەر:

ئەگەر بتەوێ لەوڕ
ڕوو دەکەیە کام گەوڕ

کەر:

سەرم هەڵدەگرم دەڕۆم
تا دەچمەوە شاری خۆم

دەڕۆم سکاڵا دەکەم
خێرا لە خاوەنەکەم

بێژەر:

با سەیرێکی دەمت کەم
نمرەیەکت پێ بدەم
پف پف بۆنی دەمت دێ
فلّچە نادەی هیچ شەوێ

کەر:

خۆ گوتم دەمم زەخمە
گشتی پێم ئەڵێ پەخمە
بەزیخ هەر هێندە ساویم
هەر خەمم خوارد و جاویم

بێژەر:

کەرە خوێندن دەزانی
چۆن لە خوێندن دەڕوانی؟

کەر:

لەمێژە من بار ئەبەم
چۆن خۆم فێری خوێندن کەم؟
بەڵام...
حەز ئەکەم دەرس بخوێنم
کە بێ عەقڵ نەمێنم

ڕاوی:

کەرە
با هونەرت بزانین
لە چالاکیت بڕوانین

کەر:

سەبووری و ئارامی
بۆ کەرێکی گرامی
ئەمە هونەرێکە گەورە
بەتایبەت ئا لەم دەورە
گوزەشت دایم پیشەمە
لە ناو ڕەگ و ڕیشەمە

بێژەر:

کەرە گیان برادەرت هەیە
پەیامت بۆیان چییە؟

کەر:

مرۆڤە برادەرم
بۆ ئەوان من هەر کەرم
بارم هەزار هەزارە
قیمەتم یەک دینارە
منداڵینە!
پێتان خۆشە هەر باربەر بم
داوای حەق نەکەم کەر بم

بێژەر:

ئێستا چی بکەین بێ خەم بی
وت و وریا و نەبەز بی

کەر:

خاوەنەکەم سجن[1] کەن
دەستی بەدەس حاکم بەن
تاکو منیش دەرباز[2] بم
لە دەرد و خەم ئازاد بم
باشە منداڵەکان
یارمەتیم دەدەن؟
ئەی بەقوربانتان بم...

بێژەر:

کەرە گیان ئیشت بڕاوە
فەرموو بچۆ ئەولاوە
منداڵینە!
ئەمە قسەی هەموو چینە
نابێ ئێمە فەقیر بین
داوای حەق نەکەین کەر بین
خۆ ماف خەڵات ناکرێ
دەبێ مرۆڤ خۆی بیگرێ

---

(١) زندان.
(٢) رها.

ئەڵێم منداڵەکان
هەڵیبژێرین بەڕاتان؟
باشە با بڕۆین...
گۆوەکە بسووڕێ[1]
وڵاتەکە بگۆڕێ
دەزانن کامە گیاندار
ئێستا دێ بەلەنجەولار؟
وەرن وەرن...
سەردانی ئامریکا کەین
خاتوو کەروێشک پەیدا کەین

(١) کره زمین را بچر خانیم.



# خۆناساندنی کەروێشک

سەلام لە ئێوەی جوان
ماچێکیش بۆ هەمووتان
کەروێشکەکان دوو جۆرین
ئاسایی هەم درەختین
یەکەم کەروێشک درەختی
بەزەحمەت و بەسەختی
پیرەدارێ کون دەکا
تا لانەیێ چێ بکا
جۆرێ کەروێشک کلک ڕەش
تێر ناخوا بەدەیان بەش
ئێمە کەروێشک ئاسایی
چاڵ دەکەین لە چۆڵایی
نەرمە گوێچکەم گۆشتییە
ئێسقانی پێوە نییە
ئێمەش خاوەنی دڵین
بەهەناسە یەک چڵین
کەروێشکێ سپیکەڵانە
هەر دەخوا و زۆر خەپانە

(١) گوێچکەم: گوێیەکانم.

بۆی نییە وەک من بپەڕێ
بەدەگمەن دێتە دەرێ
تەنیا دە ساڵ عومر دەکەین
ڕازین شوکری خوا دەکەین
سێ چوار جار لە ساڵا
منداڵمان دەبێ لە ماڵا
لە پاش سێ ڕۆژ لە زگ دایک
دێینە دنیا تاکە تاک
گەشەی ددانم زۆرە
وریا نەبم کولۆرە
گەر ددان نەساوێنم
درێژ دێتە داوێنم
دەمبێ دوو تا چوار منداڵ
ورد و مردن کرچ و کاڵ
سێ تا چوار جار لە ساڵا
بەچکەم دەبێ لە ماڵا
هەڵدەبەزم وەکو با
بە خێرایی کارەبا

## بێژەر و کەروێشک و پرسیارەکان

خۆت بناسێنە کەروێشک گیان
بەهیوان منداڵەکان
خەڵکی کوێیت با بزانین
لە چالاکیت بڕوانین؟

کەروێشک:

من خەڵکی کوردستانم
لە ڕۆژهەڵات ئێرانم
باز ئەدەم لە بەرزایی
سەدان میتر بەتەنیایی
چالاکیم یەگجار زۆرە
بەرژەوەندیم[١] چەن جۆرە

بێژەر:

ئەتۆ خوێندن دەزانی
چۆن لە خوێندن دەڕوانی؟

کەروێشک:

بێکارولیووس کۆمەڵناسیم
خوازیاری پاکی و ڕاسیم
من مۆحەببەت دەکێڵم[٢]
لە بۆ جیهان دەینێرم

---

(١) تخمین و حدس، منظره.
(٢) شخم می زنم.

بێژەر:

خاتوو کەروێشک؟
بۆ یارمەتی باوک و دایک
کردووتە چەن کاری چاک؟

کەروێشک:

بەڵێ، خانم بێژەر کاتێ منداڵ بووم.
نازیان دەدام ڕۆژ و شەو
نە خواردنیان بوو نە خەو
منیش قەدریان دەزانم
سەریان دەنمە سەر ڕانم
من بۆیان دێنم خۆراک
بنی گیا لەنێو خاک

بێژەر:

با سەیرێکی دەمت کەم
نمرەیەکت پێ بدەم
بەه بەه...
دەم و دانت خاوێنە
خاوێنێکە بێ وێنە

بێژەر:

تۆ حەز لە هونەر دەکەی
لە کام هونەر چێژ دەبەی

کەروێشک:

حەز ئەکەم لە نەقاشی
شکڵ و پەیکەرتاشی

بێژەر:

تۆ برادەرت هەیە
پەیامت بۆیان چییە؟

کەروێشک:

کاتێ منداڵ بووم سێ برادەرم بوو
ئەوان گەلێ فەقیر بوون
لە بۆ دەیان شت گیر بوون
دووچرخە و شتی خواردن
دەدەم بە دۆستانم من
ئێستاکە گەورەتر بووم
لە هەڤاڵانم دوور بووم
یاریدەر مافی ژنم
درەختم بنج و بنم
گوێم لێ بوو مشکە کوێر
قسەی دەجاوی تێر تێر
دەیبۆڕان وەک شەکەنێر
دەیگوت:
خاوەن ژن و منداڵم
بێ کوڕم تەنیا باڵم

دەبێ ژنێ بخوازم
کوڕم بێ پێی بنازم
ئاخر...
کەچەڵەی دوابڕاوە
نابارەی ناو زڕاوە
خۆ چەرخی هەژدە نییە
کچ و کوڕ فەرقی نییە
ژنان ئێستا عاقڵن
جێگای پیاو زوو دەگرن
با ئیشێ بدرێ بە من
حکوومەت دەدەم بەژن
دەبێ سەرۆکمان ژن بێ
مافەکانمان یەکسان بێ
حەق تەلاق موساوی کەن
پیاوان زۆرداری نەکەن

بێژەر:

ئەتۆ کاتێ دادەنێی
کتێب بێنی بخوێنی؟

کەروێشک:

بەڵێ
لە سەنتەری ژنانا
من بەرپرسێکم دانا

سالارم و ئاشتیخواز
دنیا بە من دەبێ ساز
دەبێ کتێب بخوێنم
عیلم و زانیاری بێنم
ببمە ئاڵادار ژنان
سەر دەکەوم بێ گومان
ئەگەر یەکێتیمان بێ
کەس دەرەقەتمان نایێ

بێژەر بەکەروێشک:

خانم کەروێشک توند مەڕۆ
ئارام بە تۆ لەسەرخۆ
فەرموو کاتت بڕاوە
ئیتر بچۆ ئەو لاوە

کەروێشک بەمنداڵەکان:

دەستە گوڵە سوورەکان
گوڵەباخی نیشتمان
بەزانست و زانیاری
دەگەینە ناخ هوشیاری

بێژەر:

ئەرێ چەپکە گوڵەکان
هەڵیبژێرین بە ڕاتان

منداڵە ئازیزەکان،
با گۆوەکە بسووڕێنین، باشە
با بچین
با گۆوەکە بسووڕێ
ژینگەیان بێتە گۆڕێ
بزانین کامە گیاندار
ئێستا دێ بە لەنجەولار
بۆ کوێ بڕۆین؟
بۆ ئامریکا
کێ دێ؟
قەل خان...
قەل خان ئامریکاییە
لە ناوچەی باشوورییە


4

# خۆناساندنی قەل

سڵاو ئامادەبووان
من قەلێکم زۆر جوان
خۆم ناناسێنم پێتان
ناسیاوم بۆ هەمووتان
مەنشوورم بەکاقودرەت
ڕێ چۆڵ ناکەم بۆ خەفەت
سەد و هەشتا تەمەن دەکەم
هەر ساڵ شەش هێلکە دەکەم
یەکێتی ئامانجمانە
ڕای دەگرین بە ژیرانە
من هەموو شتێ دەخۆم
زیتەڵەم بۆ کاری خۆم
مەنشوورم بە هەواڵبەر
خەبەر ئەدەم بەپشت سەر
تاکو سەد و هەشتا ساڵ
دەفڕم بەهێزی دوو باڵ
لاشەی ئاژەڵی مردوو
گەنم و قاڵۆنچەی وردبوو

هێلکەی باڵندە و میوە
هەموو خواردنی ئێوە
هەرچی دەس کەوێ دەیخۆم
مەمنوونم لە خودای خۆم
لە سەحرا و دەشت و دۆڵا
لەسەر لق و شاخ چۆڵا
هێلانەیێ چا دەکەم
لە تەک بنەماڵەکەم
هێ... هێ...

[بێژەر لە دوای تەواوبوونی سەمای قەل بانگی دەکا و دەڵێ:]

ئەوە ڕاسی منداڵان
چی لێهاتووە قەل خان
قەل: هێ... هێ... ئەوەتام

بێژەر:

ئەرێ خانمی ڕاوی
چییە هەر قسە دەجاوی
لەمێژە دەبۆڵێنی
هەر چناکە دەشکێنی
خولێ کەڵەباب دێنی
جارێ تاوس دەهێنی
یا ئەڵێی بە مشکە کوێر
کە بڵێ منم دلێر

[بەگاڵتەوە:]
یان مشک ئەڵێ
بوێرم و زیرەکم
لە ناو لاتا حەفت خەتم

قەل:

ئاخر تۆ چیت؟
ڕەزیلەی بێ سەوادە
کت و کوێرەی بێ وادە
[قەل بەلاساییەوە دەڵێ:]
یان ئیزن ئەدەی بەو کەڵەبابە جەرگ و دڵ کەبابە کە بڵێ
پاسەوان خیاوانم
فزە بگەن مێ زانم
یان بەتاوس ئەڵێ:
خۆزگای شووت کرداری من
من هێندە چاکم بۆ ژن
خانم پێی بڵێ
دەس لە ڕووداری بەردا
خۆی گرژ نەکا وەک جەردا
ئەمانە ترن و بەرەڵان
بێ قیمەتن زۆر بەڵان

بێژەر:

قەلە کاتی پرسیارە
مێشکت بردین ئەی هارە

قەل:

ئەم شوێنە شێتخانەیە
یان مەسرەحی[١] شانۆیە؟
[بێژەر بە توورەیییەوە دەڵێ:]
ئابڕووت بردین دەزانی؟
دەس بەردە لە شەیتانی

## قەل و پرسیارەکانی بێژەر

ئێستا بڵێ بزانین
لە چالاکیت بڕوانین

قەل:

لایەنگر ماف ژنگەلم
قەزایان لە چوار پەلم
دنیا وێرانە بێ ژن
دەرد و بەڵایان لە من
کەروێشک خانم ڕاس دەکا
کە وا لە ژن باس دەکا
بەقوربان کەروێشک خاتوون بم... هێ... هێ
بەخاوێنی لەش و گیان
بایەخ دەدەی بەقوربان؟

---

(١) صحنە نمایش.

قەل:

چڵکن خۆرێ بەدناوم
بەڵام عاشق بەئاوم
ڕێم کەوێتە ڕووبارێ
خۆم دەشۆم لە کەنارێ

بێژەر:

ئەتۆ خوێندن دەزانی
چۆن لە خوێندن دەڕوانی؟

قەل:

ئەمن ماستێر[١] فیتنەییم
لە هەر عەیبێ بێبەریم

بێژەر:

یارمەتی کەست داوە؟
دەزانی ئەمە باوە؟

قەل:

یارمەتی وا لە خوێنما
دایمە لە مێشک و زەینما
[بەپێکەنینەوە دەڵێ:]
بەڵام... هێ... هێ...

---

(١) فوق لیسانس.

بەڵام من هەر بۆ کەروێشک
فەرمانم ئەگرم لە مێشک
بە ئەمری فەرمانبەرم
ڕێزی وا لەسەر سەرم

بێژەر:
تۆ حەز لە هونەر دەکەی
لە کام هونەر چێژ دەبەی؟

قەل:
– بەڵێ...
قەلێ گۆرانیبێژم
هوشیارم گەلێ تێژم
[بەگۆرانییەوە:]
قاڕ قاڕ و وەی وەی قاڕ قاڕ و
نەختێ جوانیم بوو لە دەستم دەرچوو

بێژەر:
ئەمە دەنگتە؟ منداڵەکان دەنگی خۆشە؟
بەسیەتی مێشکت بردین. وەرە بزانم
ئەتۆ کاتێ دادەنێی
کتێب بێنی بخوێنی؟
[قەل بەپێکەنینەوە دەڵێ:]
کتێب؟

سەیری ڕەسمەکەی دەکەم
ئیرەیییان[1] پێ دەبەم
مەگەر نەموت:
من ماستێری فیتنەییم
لە هەر عەیبێ بێبەریم

بێژەر:

ئەتۆ برادەرت هەیە؟
پەیامت بۆیان چییە؟

قەل:

ئێمە قەلانی دنیا...
هەموومان خزم و کەسین
بۆ یەکگرتن هاودەسین
من... هێ... هێ...
من برادەری کەس ناکەم
ئیللا کەروێشک خانمەکەم
لەگەڵ ئەو برادەرم
ڕێزی وا لەسەر سەرم
تەنیا من...
ڕقمە لەو کەڵەبابە
کەڵەشێرە نابابە

(١) حسودی.

بێژەر:

قەل گیان باست بڕاوە
دەبێ بڕۆی لەم ناوە
بەڵکو کارێکت بۆ بکەین
خاتوو کەروێشک ڕازی کەین

بێژەر:

کۆترە باڵدارەکان
خنج و منج و میهرەبان
قەل هەڵبژێرین بەڕاتان؟

منداڵەکان:

با گۆوەکە بسووڕێ
وڵاتەکە بگۆڕێ
ئێستا دەڕۆین بۆ ئەفریقا
بۆقێ ئافریقاییە
قووڕ قووڕ خانم ناوییە
ئەمڕۆ لێرە میوانە
سالارە لەم سەربانە


9

## خۆناساندنی بۆق

سەلام منداڵانی جوان
شیرین و خڕ و خەپان
گۆرانی دەڵێم بێ پارە
شەو و ڕۆژ لەو ڕووبارە
قووڕ قووڕ قووڕ...
خاوەنی «سی»[1]م وەک ئێوە
هەناسە دەدەم لە جێوە
دراوسێم ماسی خۆرە
لەگەڵ شەیتانا جۆرە
بێ حەیایە و ڕوودارە
درۆزنە و زۆردارە
کاتێ من دەڵێم قووڕ قووڕ
وا دەزانێ هام لە دوور
ئەوە خۆم دەشارمەوە
چاوشارەکێ دەنمەوە
حەز ناکەم لە گۆشت مردوو
حەزمە لە ڕاوی زیندوو

---

(١) ریە.

تا گیانداریَ ڕاو ئەکەم
بەخێرا قووتی دەدەم
لەبن قوڕ و چڵپاوا
لە ژێر گیای ناو ئاوا
با زانیارییەک[١] بدەم
بە پێست هەناسە دەدەم
زستان خۆم دەشارمەوە
دوژمن برسی دێڵمەوە
بۆ ماسی خۆر و بۆ مار
مار ئاوی، کیسەڵ بێ کار
خۆراک باشم بۆ گشتیان
خەپ و خڕم و بەستەزمان
گۆرانی دەڵێم بێ پارە
شەو و ڕۆژ لەو ڕووبارە
منداڵینە!
نییە من دەنگم خۆشە
ماسی خۆرە بێ بەشە
وا خەریکە بتەقێ
ناشیرین پیرەچەقێ
گیانداریَ هێلکەکەرم
دەبینم تا پشت سەرم

(١) علم اطلاع.

من قەت چاو ناترووکێنم
دەوران دەورم دەبینم
پێستم ڕوونە لە گەرما
بەڵام شینە لە سەرما
لەنف بن پێستی پڕ کردووم
لەنفە پێستی خز کردووم

بێژەر بانگی قڕ بۆق دەکا:
ئەوە چیت لێ دەچۆڕێ
وا ڕەنگ و ڕووت دەگۆڕێ؟

بۆق:
لە سەرما تۆخت‌ر[1] دەبم
لە گەرما کاڵتر دەبم
وەک پێستم خۆم دوو ڕوو نیم
ڕاستم کچی درۆ نیم

بێژەر:
بۆچی پێت ئەڵێن دووزیست[2]
خڕ و خۆڵەی خۆشەویست

قڕ بۆق:
لە زەوی و هەم لە ئاوا
دێم و دەچم لەم ناوا

---

(١) ڕنگ سیرتر.
(٢) دووژین.

له گیاندارانی دەریا
گورج و گۆڵترم وەڵڵا

بێژەر:

ئەتۆ خوێندن دەزانی
چۆن لە خوێندن دەڕوانی؟

قر بۆق:

تا پۆلی پێنجەمم خوێند
شەهادەی[1] پەڕینم برد
لە شوێنێکا ناوێستم
وەرزش چووەتە پێستم

بێژەر:

بۆقە برادەرت هەیە
پەیامت بۆیان چییە؟

بۆق:

بەڵێ
من هەمە دوو برادەر
یاری دەکەین دێینە دەر
هەرسێکمان بۆ پێشبڕکێ[2]
کولله دەخۆین دەسبەجێ

---

(١) مدرك.
(٢) مسابقه.

جا من قەت نایدۆڕێنم
گەلێ بەمێشک و زەینم
خەڵاتیشم[١] بردووە
بەڵگەکەم[٢] ون کردووە

بێژەر:

با سەیرێکی دەمت کەم
نمرەیەکت پێ بدەم
بەه بەه خاوێنە دەمت
جلوبەرگ و هەم سەرت

بێژەر:

بەخاوێنی لەش و گیان
بایەخ دەدەی بەقوربان؟

بۆق[٣]:

ڕووبار بێ یاخود زەلکاو[٤]
خۆم دەشۆم دەچمە ناو ئاو
لەنێو قوڕ و چڵپاوم
هەمیشە لەنێو ئاوم

---

(١) جایزە.
(٢) کارنامە، مدرک.
(٣) قورباغە.
(٤) مرداب، باتلاق.

بێژەر:

تۆ حەز لە هونەر دەکەی
یا لە هونەر چێژ دەبەی؟

بۆق:

حەز دەکەم لە نەقاشی
پەڕین، پەیکەرەتاشی

## بێژەر و بۆق و پرسیارەکان

بێژەر:

ئەتۆ کاتێ دادەنێی
کتێب بێنی بخوێنی؟

بۆق:

بەڵێ
حەز ئەکەم وەک پیکاسۆ
ناوم بچێتە ئاسۆ
بەعیلم و بەزانیاری
بچمە ناخی هوشیاری

بێژەر:

قوڕ قوڕ گیان
ئیتر ئیشت[١] براوە

---

(١) کار.

یەکێ تر بێتە ئەم ناوە
منداڵانی نازەنین
هەناری ترش و شیرین
بۆقێ چاکە بەڕاتان؟
هەڵیبژێرین بەقوربان؟
دەباشە...
ئەی منداڵینە بڕۆین
گۆوەکە بسووڕێنین؟
بسووڕێ با بسووڕێ
وڵاتێ بێتە گۆڕێ
ئێستا بڕۆین بۆ کوێ؟
بڕۆین بۆ ئاسیا ڕۆژهەڵاتی[١] ئێران
کێ بێنین؟
کوندەبەبۆ

(١) مشرق، خاور.


13

## خۆناساندنی کوندەبەبۆ

سڵاو ئازیزەکانم
نازدار وەک منداڵانم
ناوم کوندەبەبۆیە
نازناو بەبلی بەبۆیە
حەز ئەکەم من بەچۆڵی
چیمەن[١] و دەشت و دۆڵی[٢]
لە زۆر شت دابڕاوم
خوێندن بووەتە باوم
یەک سەعات لە ڕۆژێکا
من داومە بە موتاڵا[٣]
ئێمە بیست جۆر کوندەبەبۆین
هەمیشە لە هاتوچۆین
کاتێ گەیشتین بە سێ ساڵ
دەبینە خاوەن منداڵ
ساڵێ دوو هێلکە دەکەین
بەچکە پەروەردە دەکەین

(١) چمن.
(٢) درە.
(٣) مۆتال: خوێندنەوە.

لانەم دارستان لێره[١]
چاوم بریقەی زێڕه[٢]
له زانكۆی[٣] شاری یوونان
پەیكەرەم[٤] وا له سەربان
بۆنەی یادی دوو پسپۆڕ
ناوی منیش هاته گۆڕ
پسپۆڕ[٥] و كۆمەڵناسم[٦]
مرۆڤەكان[٧] دەناسم
ئەرەستوو و ئەفلاتوون
له زانایانی كۆن بوون
بەدەگمەن[٨] دەچمه ناو شار
بێزارم له بۆن سیگار
له ساڵرۆژ پاكی هەوا
با بیكەین هەرا و هوورا

---

(١) جنگل انبوه.
(٢) طلا.
(٣) دانشگاه.
(٤) مجسمه.
(٥) متخصص.
(٦) جامعه شناس.
(٧) انسان، مردم.
(٨) ندرت.

دژ[١] بەدووکەڵ شوعار بەین
جگەرەکان[٢] فڕێ دەین
هەر درەختێ کونی بێ
ڕەنگە هێلانەی من بێ
بیساییم زۆر قەوییە
هیچ باڵندەیەک وا نییە
وەرن یەک دڵ و یەک ڕەنگ
بەم وتە بێینە هاوسەنگ
جگەرە وەی جگەرە
چەن شێرپەنجەی[٣] لەگەرە
جگەرە وەی جگەرە
یەکە دژی بەشەرە

بێژەر بە کوندەبەبۆ:

دەسخۆش کاکی کۆمەڵناس
لە چالاکیت بکە باس

کوندەبەبۆ:

من ڕاو دەکەم بەشەوا
گەلێک وریام لە خەوا
دەچمە سەر بەرزایی
بەخشەی باڵ تەنیایی

---

(١) مخالف.
(٢) سیگار.
(٣) سرطان.

که دەدەم لە شەقەی باڵ
دەچمەوە دنیای خەیاڵ
لەسەر ئەژنۆ[١] چۆک دەدەم
دەس بەگۆرانی دەکەم
دەخوێنم تا بەربەیان
تا خۆر دێت بەخەرامان
پاشان من بە فڕەی باڵ
خێرا دەچمەوە بۆ ماڵ

بێژەر:
چۆن بیر لە هونەر دەکەی
خۆت بۆچی تەرخان دەکەی

بایەقوش:
خاوەنی ئەم هونەرەم
ئەمن دژی جگەرەم
برادەری لاسار[٢] نابم
پێم خۆشە دایم شاد بم

بێژەر:
بەڵێ بەبۆ هەر وایە
خراپە هەر لە تۆ نایە
با سەیرێکی دەمت کەم
نمرەیەکت پێ بدەم

---

(١) زانو.
(٢) لجباز، بدرفتار.

براکەم ئەتۆ مۆدیری
کارزان و گەلێ ژیری
چ خاوێنە دەنووکت
قوربان تړووکە تړووکت

کوندەبەبۆ:

خوا پێڵووی پێ نەداوم
بیتړووکێنم بەچاوم
سەد و هەشتا دەرەجە
سەرم ئەسووڕێ بەلەنجە

بێژەر:

تۆ چەن ساڵ ژیان دەکەی
فڕین بەئاسان دەکەی

کوندەبەبۆ:

تەمەنم کەس نازانێ
مەگەر بچمە تارانێ
لە باخی ئاژەڵ بمێنم
کە بزانم چەندە دەمێنم

بێژەر:

حەفتەی چەن جار خۆت دەشۆی
وا هێندە بە ڕەنگ و بۆی؟

کوندەبەبۆ:

گەلێ حەزم لە ئاوە
جارجار دەچمە ئەو ناوە

خۆم دەخەمە ڕووبارێ
ئینجا دەچمە سەر دارێ

بێژەر:
خۆراکت چییە قوربان
بیلێ بۆ منداڵەکان
کوندەبەبۆ:
گۆشت و گیایە خۆراکم
تێر دەخۆم و چالاکم

[کۆتایی بەرنامەیە و بێژەر کوندەبەبۆ بەڕێ دەکا]

بێژەر:
ماندوو نەبی بەبۆ گیان
ئیشمان نەماوە پێتان
بەناو خۆم و منداڵان
بەخێر بچی سەر چاوان
منداڵانی میهرەبان
ئاوات گەل و نیشتمان
ئێوە با ببنە بەرپرس(١)
هەڵبژێرن(٢) بەبێ ترس
بۆتان هەیە سێ نەفەر
وەک شایستە بێننە دەر

(١) مسئول.
(٢) انتخاب کنید.

پێم بڵێن دانە دانە
بانگیان کەم بۆ ئەم بانە
هەر کەس نمرەی چاک بێنێ
خەڵاتێکی دەدەینێ

خەڵاتەکان دەدرێ بە سێ کەس، حەیوانەکان دێنە سەر شانۆ[١] و لێیان دەبێ بەشەڕ و هەر کەس خۆی بەخاوەن ماف[٢] دەزانێ بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە.

منداڵەکان بەداخەوازی بێژەر دێن بۆ سەر شانۆ و دەبنە ناوبژیکەر[٣]. پاشان بێژەر دەڵێ: لای ئێمە دۆڕان و بردن گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە کە زیاتر بخوێنن و یەکتر بناسن و برادەری یەک بن.

ئێستا سروودێ بخوێنین
بە شادی یەک جێ بێڵین
منداڵینە!
ئەمە قسەی هەموو چینە،
نابێ ئێمە فەقیر بین
داوای حەق نەکەین کەر بین
خۆ ماف خەڵات ناکرێ
دەبێ مرۆڤ خۆی بیگرێ
ئەڵێم منداڵەکان
هەڵیبژێرین بە ڕاتان

(١) نمایش.
(٢) صاحب حق، حقدار.
(٣) میانجیگر.

## سروود

مندالآنی نازەنین
هەناری سوور و شیرین
پەیامەکانمان زۆرە
ڕیزی دەکەین بەنۆرە
برادەری بەدفەڕ نەبین
یارمەتیدەری یەک بین
کتێب خوێن بین و بێدار
هەر ساڵ زاناتر لە پار
زوڵم و زۆر نەکەین پیشە
دوور بین لە هەرا و کێشە
کوڕ و کچ بەرانبەر بین
مافی یەکسانی بگرین
دەبێ هونەر پیشە کەین
لە هونەرا ڕیشە کەین
لە دووکەڵ و جگەرە
دوور بین چونکە خەتەرە
لە باخچە و لە شۆستەکان
نەڕێژین پاشماوەکان
بۆ چاکسازی بکۆشین
ئێمە وریا و بەهۆشین

سەرچاوەکان:

١- پەلەوەرانی ئێرانی، دوکتۆر جەمشید مەنسووری.

٢- مەمکدارانی ئێرانی، هوشەنگ زیایی.

٣- پەلەوەر و چۆنیەتی پەروەردەیان، دوکتۆر موراد عەلی زهری.

٤- باسی ڕامیاری، دوکتۆر پەروێز مەزینی.

٥- خشۆکەکان و دووژینانی ئێران، حەسەن محەمەدیان.

٦- سەیر و سەمەرەکانی خوڵقێنەر، سەید ڕەزی (نهج البلاغة).

# پێڕست


پێشەکی ........ 5
مەبەست لە نووسینی ئەم شانۆیە ........ 7
دەسپێکی وتەی بێژەر لەگەڵ منداڵان ........ 9
خۆناساندنی ڕێوی ........ 15
خۆناساندنی مشک ........ 27
خۆناساندنی کەڵەباب ........ 41
خۆناساندنی تاوس ........ 51
خۆناساندنی کەر ........ 61
خۆناساندنی کەروێشک ........ 73
خۆناساندنی قەل ........ 83
خۆناساندنی بۆق ........ 93
خۆناساندنی کوندەبەبۆ ........ 103
سروود ........ 110
سەرچاوەکان ........ 111